# بەناو تەنیاییدا راکە ئەی رۆح*

**هەندرێن**

1



هەموو شوێنەکان بۆ وەرزە پیرەکان دەمامک بوون لەوێ.
کاتیش جادووگەرێک بوو ئەفسانەی بیرەوەرییەکانمی دەدزی.
رادەمێنی و هەورێکی هەڵبزرکاو لە چاوەکانتا دەگەڕێ،
لەنێوان لاواندنەوەی شیعرو پرسیارە یەقینەکان: سڕ بوون.
بەدیار خۆتەوە مۆڵەق دەبی: باران دەباری،
بۆنی دوگوردەەی نوێژی دایکم لە دەشتی یادەوەریمدا دەنیشێ
گومان گرێی خەونە پچراوەکانی خۆی خاو دەکاتەوەو
تەنیایی نیگەرانیش لە سەفەرێکی بێ زەمان رادەکا: هەر ناگەی
جێدەمای و لە پەشیمانی خەونی کتێبەکانت دەڕوانی،
لەسەر سوورمانی خواوەندە رازگرەکان ورد دەبیەوە.
بانگی گەرووی تۆزاوی سەرکردەکان، لە ناو گومەزی مۆرانەگرتوو
کۆشکە تەپەدۆرییەکان، وەک دوکەڵێکی بابردوو
بەسەر ئارەقەی وشکی جەستەمان دەنیشتەوە.
چیا دەپاڕایەوە، ئاسمان بارانێکی وشکی لێدەهات،
گوڵە ەنمەکان دەبوون بە کرم و ئومێدەکانیان هەڵدەوەرا،
زەویش تاڵە مووی رەشی لێدەڕوا.
لە وەرزە درێژو هاوینە قاوەییەکاندا،
بۆ دەم سکاڵای تینوێتی، هێشووی فرمێسکەکانت دەچۆڕاندەوە تا سەفەر
هەنگاوەکانی نەخنکێ و باڵای زەردی گەردوونیش ئاوپرژێن بێ،
نەبا یادە بێ هاناکانی فەرامۆشی قووتیانبداو
ماکی شوێن تارمایی کات لە مەزەندەدا کاڵ بنەوە.
بە زایەڵەی دوعاکانی پشت سەرو بە پێڵاوە ئەزموندارەکانمان،
سنوورو نەخشە بەخشیش خۆرەکانمان جێدەهێشت.
لەنێوان تورەیی و ویڵبووندا، بە لەپە زبرەکانم لمی هەناسەو
هەوەسە پاشکەوتووەکانم لە رووناکییە درۆزنەکان هەڵدەسووا
بە سەمای دوو دڵی و وادە راراکانی مانەوە، دەڕۆیشتین و
چاومان برکی لێهەڵدەستا،
ناڵە ناڵمان بەسەر بۆشایی رێگا دوورەکانی بیناییدا دەمەیی.
جەمسەرێک لەبن پێی هەنگاوەکانت رادەپسکاو
لە خولیای لە خولگە دەرچووەکان، وەک ورێنەیەکی راکردوو
لە تەفرەی پەنهانی پەرێشانییەکان دەهاتیەوە.
دەهاتیەوەو لە پرسیارە یەقینەکان، پرسیار بووی،
تا بیرەوەری:
شوێن...
کات...
وەرزە پیرەکانیش
دڵنیا بن کە تۆ لە ئەمەکیش بەخشندەتری.

www.dengekan.com

2

لێرەدا ئالێرەدا
باڵندەی بینایی سەرگومەزیی یادەوەریی لە شەقەی باڵدەدەن و
بازنەی بەژێر بناری ئاسماندا بە ناو کەپری هەورەکان رەتدەبن،
هەتا لە بیستنی ناڵەی زەوی، تۆ ئاسا بە تەونی یەقینییەت راو نەکرێن.
بەناو نسێی بیرەوەرییەکان دەڕۆیشتی و هەواڵی خەونی ئەم زەوییە
کوژراوەت بەرەو فەنایەکی تر دەبرد.
هەروەک لە پەشیمانبوونەوە – لە شینێتی مردندا – پەرێشانی خۆت بنێژی،
نەخۆ لە گیانەڵای چارەنووسەکان، لە فڕین دەربچی و
بەر چەقۆیی هەورەکان بکەوی.
دەڕۆیشتی و وێرانی شوێنەکان پێچەکی لە پشت ماوەکان هەڵدەکشان و
ئێوارەش، وەک هانایەک، بە رەنگە تواوەکەی بانگی رێگا کوێرەکانی دەکرد،
تا هەرەس دوا بکەوێ و شەویش بە دۆرانی من و
هەڵەتە بوونی باڵندەکانی شاد نەبێ.
زەوی ئاوێنەو باو منداڵە گاگۆڵەکردووەکانی جوان مەرگ دەبوو
مەرگ لەسەر بەردی رێچکەکان، هەنگاوەکانمانی هەڵەتە دەکرد،
لە هەناوی بەردەکانیش بێدەنگی مانی دەگرت.
بە مووە هەڵوەریوەکانی پرچمان، ئەو مووانەی کە بە ئارەقەی تورەیی دۆران، چارەنووس جالجالۆکەی پێدەچنیەوە.
لەناو بۆشاییە خەستەکاندا نادیاریی دەیلووراندو
چاومان لە تەماشای یەکتردا دەمەیین.
-با – ش بێ روخسەت کرمی جالجالۆکەی خەونەکانی بەسەر تەرمەکاندا
بەشدەکرد.
من لە دەرەوەی شوێن، تۆ لەوێ بانگت دەکردم، هەوا هێور دەبۆوە.
دەبوو من ناو لە تاوانەکان بنێم، نەمدەزانی،
تۆ ئەی شەیتانە گوناهەکەی سێبووری!
نەدەکرا من لە ناو کاتدا بوەستم و لە گەردوون رامێنم،
کاتیش برینبوو، نەدەکرا.. نا...
لەنێوان شوێن و کاتدا، مەرگ فتنەکانی خۆشدەکرد،
تەرمەکان وەک هەورە سەرپراوەکان لەسەر یەک دەکەوتن.
لێوم لێکدەترازاو دەبۆوە لە بەرانبەر خۆمدا دەنگم دەتوایەوە،
لەسەر رووباری لێڵی دەنگم، گولە وشکەکانی ئاسمان دەبوونە ئاوماڵک.
دەمگوت دەکرێ بپرسم، دەمپرسی:
- با - پرسیارەکانی دەبردو
دەفتەریش وەک پەری گوڵە وشکەکانی
سەر ئاو مخابن دادەمان.

دروشمەکان لەسەر دیواری بارەگاکان، ئەو بارەگایانەی
دیل کرابوون، گەمژانە شانازیان بە شەهیدە رێککەوت و
مریشک و پێڵاو و ناسنامەکان دەکرد،
دەیانزانی دیلن، دانیان نەدەنا؟
ناویان لە دیلەکان دەنا: مێژوو.
من لە ئاوڵەمەی مێژوویەک تەریوم،
بوونم بە دیلێتی دەبەخشێ.
لەنێوان شەهید نەبوون و نەمردن و ژیاندا،

www.dengekan.com

پاشماوەی خەونەکان گلدەدەمەوە، تا تەنیایی نیشتمانێکی بێ مێژووم
بۆ ئاوەدان بکاتەوە کە وێرانییەکان لە بیریان چوو بە مەرگ دیلی بکەن.
چرایەک لە خەونەکان دەخەمە دەست مێژوو
تا بەسەر مەرگی خۆیدا کوێرانە وێرانییەکان جێنەهێڵێ،
تەرمەکان لەسەر رستەی – با – دا بە مۆمیایی هەڵدەواسم
تا خواوەندەکان ساتمەی لێ بکەن و جاغی باڵندەکان،
ئەو باڵندانەی تا ئێستاش نەگەیشتن، لە مانگرتنی زەویدا
پەشیمان نەبنەوە.

تۆ ئەی لە سەفەر مەحاڵتر!
ئەی ئەو دەستەی میوەی یەقین و گومان دەچنیەوە!
تۆ گوتت ڕۆ ڕێگاکان دەتدۆزنەوە.
ئەی لە قەدەرەکان ناکاوتر!
تۆ دەتگوت: دۆزەخ و بەهەشت هەریەکن و
سەرمەدترین جوانیش لە قوربانیدا، دۆزەخە.
تۆ دەتگوت، گەر دۆزەخ نەبووایە، بەهەشتیش میوەو پەری نەدەبەخشی،
دەڕۆم و بە ئاگری چاوەکانت ڕووناکییەکان دەکوژم،
تا ئەو برینە گەورەتر بێ، ناڵە ناڵەکانیش
سەر لەو – با – یە بشێوێنێ کە خۆڵەمیشی خەونەکانمان
بەسەر ئارەقەی بەردەکان پەرشدەکردو
زایەڵەی هەڵدێرانی هەنگاوەکانمانی دەمبەست دەکرد.
تەماشای ئاسمانی بێدار دەکەم، بارانیش وەک من لە ناو هەورەکاندا
خەوی
ز
ڕ
اوە.

3

خەونم بینی، سەرم لە ناو باران و لەشم لەسەر کەشتی ئاودا بەجێمابوو
ماسییەکان دەیانلێستمەوە. گێژەنەکان ئەم خەونەیان لێتۆراندم.
هەر خۆم بووم کە وەئاگاهاتمەوە، خۆڵبارانبوو،
زەردەشت، نووری ئەبەدێتی بۆ ئاسمان و دۆزەخەوە دەچڕی، گاتاکانی دەخوێندەوە،
هەورەکان دەبوونە ئاگر،
دەنگی شکان لە ئاسمانەوە دەهات. ئەستێرەکان باڵیان دەبووە نوور و
پەیامی خۆریان بەرەو گومانستانی هوما فڕێدەدا،
زەوی کیشوەرەکانی لە مەزەندە بزر دەکرد. چاوی رژاوی خۆر باڵی دەگرت،
خوێن لە باڵای گەردووندا دەچۆڕا.
مانگ خۆی بەرەو دەریادا هەڵدێراند، تا خۆی بکوژێ و لە کفنی پەیڤەکانی
ئاڤێستا خۆی بنێژێ، دەریاش بە ژانی شێتی لە کەنارەکان رادەسا.
خۆر بە کوێری بەناو ئاسمانی قورقوشمیدا رایدەکرد.
دەروێشەکان بە دەفەکانیانەوە زەرگیان لە زەوی دەدا،
دەستیان لە نێو زەوی بەجێدەما، زەرگەکان لەسەر پێستی ئاسمان
هەڵدەلەرزین. بە ئۆخژن و زریکەی فریشتەکان لە ناو دۆڵەکانی بەهەشت،
میوەکان باوێشکیان دەدا.

www.dengekan.com

خۆڵبارانەکە تیر دەبوو، دایکم دەپاڕایەوە، غەیب دەرگای ئاسنینی
لەسەر خۆ داخستبوو، نەخۆ دڵی دایکم داوەڕێنێتەوە؟

ئێمەش وەک کۆچی مێرووستان دەڕۆیشتین و خەونەکانمان لە دواوە بە دیلێتی
جێدەهێشت. بەسەر خۆماندا هەڵدەگەڕاین، پەڕینەوەکان هیچیان نەدەگۆڕی.
چیا بە گەروو یادە پەرش و بڵاوەکەی دەیناڵاند.
من بە دیار چۆکدادانی چیاوە، دامابووم.
کاتیش وەپێش – با – کەوتبوو، بەلەدی بۆ مەرگ و دیلێتی دەکرد.
-تۆ بە قاچەکانت دەگوت بەلەدتربەو مەدۆڕێ.
ماوەکان دەبوونە مار، ترس سەیری دەکردم.
پرسیار نەدەشیا، بپرسێ. هاوارم دەکرد،
هاوسەفەرەکەم وایدەزانی نان و ئایندەی لەگەڵدا بەشدەکەم.
وەک بەردەکان ئاوری لێنەدامەوە. مەرگ دیلی کردبوو،
نەخشەی لەگەڵ ژیان دادەنا. هەڵدەهاتم و لەسەر خۆ خۆم دەبینی.
خەونەکان سمۆرە بوون لە درەختی برژانگم تلدەبوونەوە.
ئێوارە دەبوو بە توونێل، باڵای کۆماوەکانی قووتدەدا.

4

کە ماڵئاواییمان کرد، چاوت لە ئەستێرەکان کرد،
دەتگوت:
ئەو ئەستێرانە پەپوولەی عەشقن، بوون بە چرای ئاسمان.
کە ماڵئاواییمان کرد،
ئێمە لە دەرەوەی سوڕگەکانی زەوی وەستابووین و
ئەوانیش باسی ئایەتی زەوی لەسەر پشتی گایە و
میهرەبانی قەدەرەکانیان دەکرد.
دەبوو ئەوێ بەجێبێڵین، جێی دەهێڵاین،
دەبووش، لەگەڵ جێهێڵان خۆمان لە یادی شوێندا بچێنین. کات دەڕما و
ئەسپە رەویوەکان تۆزی ریسوایی لە سمەکانیان هەڵدەستا.
رێککەوت و راستی: لەوێ: جێهێڵان و داپران: لەوێ،
گومان و گەڕیدەییەکانی. بۆشاییە بێ شوێنەکانی
ئێرە:
ئێرە، بەهەشتێکی نیگەران.
لێرە، لەوێ:
ئەوێ = ئێرە:
رابردوویەکی بێهوودە دەتلاوێنێتەوە، دەیلاوێنێتەوە.
ئەم ئەڤینداریەی مانگ و زەویش ئەبەدیترە
لە گەڕانی باڵندەکان و
کۆچ و دەستپێکردنی پەرێشانییەکان.

سەفەرێکی سەهەندە،
مەحاڵێکی بەخشندە،
دەتلاوێنێتەوە...
دەیلاوێنێتەوە...

www.dengekan.com

چۆن ئەڤینداری ئەو مانگ و زەوییەش، ئەبەدیترە
لە شەڕی باڵندەکانی کات و زرینگانەوە تاگرتووەکانی شوێن!

1993_1994
ستۆکهۆلم/سوێد

*لە (زەردەشت وا دوا)، فرێدرێک نیتشە، وەرگیراوە.**

www.dengekan.com